بەناوی خوای پاك وبێ گەرد

www.regayrasty.com

## بەرکۆڵێك لە سەر ئاینی زەردەشت

بۆ تێگەیشتن لە مێژووی هەر نەتەویەك گەر لێکۆڵینەوی لە سەر بکەی لەژیارو چۆنیەتی هزرو ئاینی ئەو نەتەوە پێویستە زانیاریەکی دروست هەبێت لە مێژوو وفەرهەنگی ئەو گەلە....

دیارە بابەتێکی بەو شێوە پێویستی بە وە هەیە کە ئاگاداری مێژوونوسانی ناوچەکەو،مێژوونوسانی گەرۆك و هەروەها مێژووناسانی نەتەوەکە بەهەمان شێوە زانیاریووردت هەبێت.

هەربۆیە خۆشەویستیم بۆ نەتەوەکەم وای لێکردم کە ئەم بابەتە پێشکەشی خوێنەران گەلەکەم بکەم تا بەم بەرکوڵە بکەین وبتوانم ئاینی نەتەوەکەم.... بخەمە بەر چاوی خوێنەر .

لە دوای دروست بوونی گەردوون دایکی گەرەمان کە زەمینە کەوتە ناو ئەم.. گەردوونەوە لە دەوری خۆر وەك پەروانە دەسورێتەوە ئەو هەسارەیەی لێ دەرچوو کە ئێستا ئێمەی لە سەر دەژین و ناونرا زەوی.

بەم زەمینە چەند گۆڕانکاریەکی بەخۆیە بینیوە کە مێژوو نوسان هەموویان لەسەر ئەم بۆ چوونە هاوڕان لەگەڵ زانایانی (جیۆلۆژی).

دەتوانین بە سێ گۆڕانکاری سەرەکی یان سێ قۆناغی سەرەکی ناوی لێبنێین:

یەکەم قۆناغ: قۆناغی جیابوونەوەی پارچەیەك لەم زەویە،کە ئەو ئەستێرەیە بە لاکەشی خۆیەوە وەستاوە ناوی لێنراوە مانگ.....؟

دووەم قۆناغ :سەردەمی زیوی یان سەردەمی بەفرین(عالم الطباشيري)کە ئەم سەردەمە پیوەندی دارەبە بەگۆڕانکاری سەردەمی یەکەمەوە.....؟

سێیەم قۆناغ:سەردەمی ئاوی یاخود سەردەمی لافاوەکەی نوح(عليه سلام).. ناوزەنگ دەکرێت.....؟

بە هەرجۆرێك بێت باسەکەی ئێمە لە سەر ئەوە نیە ئێستا،بەڵکو ئەمە تەنها نهێنیەکە بەجێ دێڵین بۆکاتی خۆی،لە بەر ئەوی ڕێ وشوێنی مێژوو نوسان وون نەکەین وەك فەلسەفەیەکی بوون تەنها لێرەوە وویستم تیشکێك بخەمە سەر ئەو دڵۆپە لە دەریای زانست و زانیاری لە زانستی بوون ،مەبەستی ئێمە سەرەتایی دروست بوونی مرۆڤە کە چۆن دەستی بە ژیان و ژیار کردوە. ئەم سەرەتایە تەنها بۆ چونە ناو بابەتەکە بوو.......!

## پەیدا بوونی مرۆڤ

ئەوەی کە زۆرینەی مێژوونوسانی جیهان یەکگرتون لە سەری لەدوای

ووشك بوونەوی زەوی و لێكترزانی قارەكانی، ژیانی  مرۆڤ سەرچاوەی
گرتوە، پێشترئاماژەم بۆ كرد مێژوونوسە ئاینیەكان   بە لافاوەكەی نوح ...
(علیەسلام)ئاوزەنگی دەكەن.
وەهەروەها مێژوو نوسانی تریش بە سەردەمی  ئاوی  ناویان بردوە .
بە هەر جۆرێك بێت  هەردوولا  یەك گرتوون  لە سەر ئەوەی  كە ئەم
كارەساتە ڕویداوە وە لە زۆربەی ئاینەكانی ئاسمانیدا  باس كراوە وەك
تەورات، قورئانی پیرۆز باسی لێوە كردوە وە زانیانی ئە بوارە باسیان كردوە
سەرەتایی باسەكامان  لێرەوە دەست پێ دەكات :
چۆن مرۆڤ ژیاری  دەست پێكردوە
بۆ بەر كۆلێكی  لام شێوەیە دەبێت پشت بە چوار سەرچاوەی بنەڕەتی
سەرەكی ببەسرێت.
یەكەم :پاش ماوە دێرینەكان
دووەم: كتێبە مێژوویە كۆنەكان
سێیەم: مێژوو ناوچەكە
چوارەم: گەڕۆك و ڕۆژهەلآت ناسەكان
خوێنەری بەرێز  تائێستا زانستی  زەمین ناسی تەمەنی  زەویی لە سەدان
ملیۆن ساڵ بە زیاتر داناوە ئەو سەرچاوەیەی كە باس لە دروست بوونی مرۆڤ دەكات دەلێت
مرۆڤ بۆ یەكەم جار لە (سراندیب) لە خوارووی هندستان كە (سیلان) ی ئێستا دەكات، بەلآم
تەورات دەلێت لە عەدەن دروست بووە. بەهەرحاڵ ئەم باسەش تێ دەپەڕێنین بەرەو پلەكانی
جۆری ڕەگەز هەنگاو دەنێین ئەوەمان لە بیر نەچێت كە كۆنترین مرۆڤ لە ناوچەی شانەدەری
كوردستان دۆزراوەتەوە، بەلآم بەلگە نییە لە سەر ئەوەی كە پێش ئەم مرۆڤە مرۆڤی تر نەبووبێت
مەبەستم لە كۆنیەتی لە هەمان كاتدا مرۆڤی لەو چەشنە لە ئەورپا و هند ستان و رووسیاش
دۆزراوەتەوە.
زۆربەی مێژوو نوسان ڕەگەزی مرۆڤ دەكەن بە سێ بەشەوە

1 ڕەگەزی ڕەش
2 ڕەگەزی سپی
3 ڕەگەزی سوور

كە مێژوونوسانی ئایینی ئیسلام و جولەكە و.....هتد ئەمە دەگەڕێننەوە بۆ نەوەكانی نوح كە
بریتی بوون لە سام و حام ویافث یان (یافتی)، بەلآم مێژوونوسانی تر دەیگەڕێننەوە بۆ كەش و
ئاووهەوای ناوچەكان ئەوەی لێرەدا ئەمانەوێت بیلێین كە سام یان شام، سامی یان شامی كە
نەوەی نوحە ووشەی ئاری بەكار هاتوە بۆ ئەم ڕەگەزە لە بەر ئەوەی ئاگر پەرست بوون.

ووشەی ئاری لە كوێوە سەرچاوەی گرتوە

ووشەی ئاری لە دووبەش پێك هاتوە (ئار) و (ی) كە لە زمانی ماددو پارسەكان و هندەكاندا یەك
سەرچاوەن ئەویش بە مانای ئاگر هاتوە، وە بنەڕەتی ئەم  ناوە یان تصریفی ئەم ناوە بریتیە لە

ووشەکانی (ئایر، ئاور، ئاهر، ئاهێر، ئاتر، ئاگر وە ئاری) ووشەکانی لە زمانی پارسیدا بنەڕەتەکەی بریتیە لە (هێر، ئاذر، ئاتر وە ئاری) دەڵێن ئەو سەردەمە کێوی دەماوەند بورکانێکی گەورەی هەبووە. واتە ئەوانیش لەو ناوچەیەدا بوون لە ترسی ئەو بورکانە بوون بە ئاگر پەرست بۆیە نازناوی ئاریان هەڵگرتوە، وە لە ئاوێستاشدا باسی ئەم گڕکانە کراوە کە دەماوەند بە کێوی (هارا) ناوزەنگ کراوە.

نەتەوە و هۆزەکانی ڕەگەزی ئاری بە شێوەیەکی گشتی بریتیە لە:

1- ئەنردان: بریتی بوون لە هیندەکان ودانیشتوانی ناوچەی سەند و پێنج ئاو (پنجاب) و سیك و کشمیر.

2- لاتین: پێك هاتوون لە فەڕەنسی، ئسپانی، پرتغالی، ئیتالی و ڕۆمانی.

3- جەرمەن: لە هۆزەکانی ئەڵمان و ئینگلیز سایکس و ئەسکەندەنافیا وگورگ پێك هاتوون.

4- ئۆسلاو: بریتین لە ڕووسەکانی پۆڵەندا (لهستان) و سرب و چیکی.

5- سلت: پێك هاتوون لە بوومیەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا

6- هایی: ئەمانە ئەرمەنەکانن کە ئاراراتیشیان پێ ئەڵێن.

7- بلاچ: لە دانیشتوانی بەلجیکاو بولغار یا پێك دێن.

8- چەغزی: بەشکێن لە ڕووسەکان و سەقالیبەکان کە لە سەمەرقەندەوە بۆ ئەو ناوە کۆچیان کردوە کە سەگلاوی یا (سوغندی)شیان پێ ئەڵێن.

9- ئابادیان: کە ئابادانیشیان پێ ووتون.

10- ئادیان: کە ئازادیانیان پێ ووتون ئەمانە لەو ئاریانەن کە ڕەچەڵەکیان ئەچێتەوە سەر ئازاد ئابادان.

11- ئاجامی ئەمانە بریتین لە ئاریەکانی بنەماڵەی (یاسان جام) کە دەگەڕێتەوە سەر (شای مەهبول) لە زنجیرەی یاسانیەکانن.

12- مادایان: پێك هاتوون لەو ئاریانەی کە لە نەوەی (مادا) ی کوڕی یاخت کوڕی نوحن هۆزەکانی (کورد، ئەلوار، گیلان، دەلیم وە خەزران) لەم بەرەیەن.

ئەمانە بەگشتی ڕەگەزی بنەڕەتی ئارین.

پەیدا بوونی کورد

وەك باسمان كرد كورد لە ڕەگەزی ئاریە لە سەردەمێكی نەزانراوە وە یان چەند هەزار ساڵێك پێش زایین كۆچیان كردوە بۆ كوردستان كە كورد لە ماددەكانیش كۆنترن كە بە كورد و مادد یان ووتوە مادديان، بەڵام زۆر جار لە سەر دەسەڵات و فەرمان ڕەوایی كەوتونەتە شەڕەوە، بەڵام بەگشتی ئاوانیش هەر بە مادد ناسراون.
كوردستانیش دەكەوێتە خواروی ئەرمەنستانەوە بە درێژای ڕووباری دیجلە و چیاكانی زاگرۆس وە تا كەنداوی عومان ڕۆشتوە، لە ڕۆژئاواش بە درێژای ڕووباری فورات ڕۆشتوە بە درێژای زنجیرە شاخی (تورسب) تا سوريا و شامات و كەناری دەریای سپی بڵاو بۆتەوە.
ئەمە بەگشتی جوگرافیای كوردستان دەگرێتەوە كە تەنها ئینساكلۆپیدیای ئیسلامی دانی بەم جوگرافیایەدا ناوە، وە لە مێژوەكەی ئەمین زەكی بەگدا لە سەرەتادا باسی لێوە كردوە.

هۆزەكانی كورد بریتی بوون لە حەوت هۆزی سەرەكی هەرچەندە مێژوونوسان كورد بەوە زیاتر ناوزەنگ دەكەن لەو حەوت هۆزە، بەڵام ئەوەی كە هەموو مێژوونوسان لە سەری یەكگرتوون بە ڕۆژهەڵات ناسەكانیشەوە وە بە هەمان شێوە مێژوونوسانی ناوچەكە وە مێژوونوسانی كورد.
یەكەم: گۆتی یان (جودی) ئاراراتی
دووەم: لۆلۆ
سێیەم: سیرەتی یان كورتی بەمانای دڕندە و ئازاردانی خەڵكی ناویان دەركردوە لە زمانی هەورامی دا سیرەت واتە دڕك.
چوارەم: كاردۆخی یان كاری
پێنجەم: هۆری
شەشەم: سۆبارتۆ یان كاسی
حەوتەم: مادد

بەو نیشتمانەی كە پێی دەوترێت كوردستان بڵاوبوونەتەوە.

## ئەو سەردەمانەی كە كوردی پێدا تێپەڕ بووە

بەڵگەی مێژووی پاشماوە دێرینەكان وا باسیان كردوە كە كوردیان بە پێنج سەردەمدا دابەش كردوە.

1- سەردەمی پێش مێژوو: كە چەند هەزار ساڵێك پێش زاین تا ساڵی 3600ی پێش زاین كە گۆتیەكان دوو سەدە حوكمیان كردوە ئەویش بە لە ناوچوونی فەرمانڕەوای (نەرامسینی كوڕی سەرگۆن) بە دەستی گۆتیەكان كە ئەم مێژووە زۆر ڕوون و ئاشكرا نییە.

2- سەردەمی پەیوەندی كورد لەگەڵ ئەكەد و ئاشوری و عیلامیەكاندا ساڵی 3600ی پ.ز تا ساڵی 853ی پ.ز واتا كاتی فەرمانڕەوایی (كەیقوبادی كوردی) یان سەردەمی دروست كردنی دەوڵەتی مادد.

3- لە ساڵی 853ی پ.ز تا 550ی پ.ز بە سەردەمی لە ناوچوونی فەرمانڕەوای مادد بەدەستی (کەیخوسرەوی گەورەی پارسیا کە بە سیروس اعظم ) ناوبانگی دەرکردبوو دەست پێ دەکات لە دوای ڕووخاندنی دەوڵەتی مادد بەدەستی(کەیخوسرەوی گەورە) ماددەکان دەبنە بەشێك لە دەوڵەتی پارسیا.

4- 550ی پ.ز تا سەردەمی کەیخوسرەوی گەورە کوردەکان جاروبار فەرمانڕەواییان کردوە بەڵام زیاتر هەر ژێر دەستە بوون.

5- کوردەکان لە سەردەمی ئایینی ئیسلام بەدواوە: ئەویش مێژوونوسان بە سێ قۆناغی گرنگ باسیان کردوە.

ئەمانەی کە خستمانە ڕوو تەنها بۆ ناساندنی کورد بوو ئەگەر بمانەوێت لە ڕووی سیاسی و دەسەڵات و فەرمانڕەوای کوردەکانەوە بدوێین لە ڕاستیدا ناتوانین بەچەند نوسینێك وە بەڵکو بەچەند پەرتوکێکیش ڕوونیان بکەینەوە، ئەم ڕەهەندە تەنها بۆ ناساندنی کورد و کوردستانە.

## ئایینی کورد

لەبەر ئەوەی کوردەکان زیاتر لە نەوچە شاخاویەکاندا ژیاون زۆر تێکەڵ نەبوون بە نەتەوەو هۆزەکانی دەوروبەریان بە تێڕامانی خۆیان پەرستنیان کردوە.
پەرستنەکانیشیان بریتی بووە لە شتە سروشتیەکان وەك (دار، مانگ، ڕۆژ،گا....هتد) هەموو جۆرە شتێکی سروشتی لەم بونەدا سودی بە مرۆڤ گەیاندبێت ئەوان دەیان پەرست، بەڵام مێژوونوسان سەرەتای ئایینی کورد دەگەڕێننەوە بۆ( فیتیشیزم) یان (ئەنیمیسیسم) واتا بت پەرستی وە پاشان ئایینی کورد لەگەڵ تێکەڵ بوونیان بە هۆزەکان و دروست کردنی فەرمانڕەوایی مادد یان ئایینی ئاریەکان لەو ناوچەدا بە گشتی بریتی بوە لە ئاینی (ودا) کە لە هیندەکانەوە وەریان گرتبوو، وە پاشان ئەم ئایینە وابەست بوو بە کوردەکانەوە کە گۆڕا بە ئایینی (واردنا) کە ئەم خوایە تەنها پەیوەست بوو بە ماددەکانەوە. هەرچەندە دەڵێن هندەکانیش پەرستویانە، وە پاش سەرهەڵدانی ئایینی بودایی لە ناو ماددەکان و پارسەکاندا دەستی پێ کردوە و بە مهر پەرستی خۆی ناساندوە. ماددەکان و پارسەکان بڕوایان وابوە کە مهرپەرستی خوایەکی گەورەتر بوە لە هەموو خواکانی تر وە پاشان ئەم ئایینەشیان بەجێ هێشتوە ڕوویان کردوەتە ئایینێکی کە کە ئەمەش سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هندەکان ئەم ئایینە ناوی (میترا ئیسیسم) بووە. کە لە سەر بناغەی ئاگر پەرستی هێزە سروشتیەکان دانراوە وەك ( باو تۆفان و جوانی و ئاسمان و چیا و جەنگەڵ و شەو) کورد بەسەردەمێکی کەدا تێپەڕیوە کە پێی دەوترێت سەردەمی جاد و سحربازی.
ئەم ئایینە زۆر برەوی هەبوە خەڵکی سادە و پیاو چاکەکانی کوردیش دەبوو لە سحرو جادو شارەزا بونایە تەنانەت پیاوە ئاینیە کانیش لە سحر شارەزا بوون واتا سحر پیشەی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگا بووە.
ئەم ئایینە لەسەر بنەمای خوایەك دامەزراوە کە دوو فریشتەی لە ژێر دەستا بووە بە ناوی ( ڕاشنو وە سەر ئۆشنا ) لە ژێر فەرمانڕەوای خواکەیاندا بووە کە ناوی (میترا دانە) کە فریشتەکان

سزای خراپەکاران دەدەن وە بێجگە لەم خوایە بڕوایان بە خوای خواکان بووە کە ناوی ( ئێزەدی یان ئێزدەکان) بووە.
ئەو خوایەی تریش بریتی بوە لە (میترا) کە خوای ڕووناکی بووە وە (ئاگنی) خوای ئاگر و(ئیبن دارا) کە خوای سروشت و هەورەبروسکە بووە، خوای (وارونە) خوای ئاسمان و (ئاناهیتا) خوای ئاو، وە بێجگە لەم خوایانە خوای کەشیان پەرستوە وە هەروەك باسمان کرد خوای خواکان (ئێزەدی) بووە، بەڵام خوای ئاگر بەڕیزترین خوا بووە لای کوردەکان وە ئاگریش ڕێزێکی تایبەتی هەبوە وە پیاوانی ئایینی ئەو سەردەمەی کورد بە (ئەتروبان یان ئاگرەوان) ناو دەبران، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەم دروشمە ئایینیە لەو سەردەمەدا دروست بوە (ووتەی چاك، کرداری چاك) کاریان پێ کردوە، بەڵام لە دوای ئەم ئاینەنانە گرنگترین ئایین کە سەرچاوەی گرتوە لە ناو کوردەکاندا ئایینی (شوشانگ) بووە واتا خوای هەمە چەشنە. مێژوونوسی دانیمارکی...
(کریستیانسن) وە مێژوونوسانی تریش لەسەر ئەو ڕایەن کە ئەم ئایینە سەرچاوەکانی ئایینەکانی پێشو بووە پیاوە ئاینەکان و سحربازە کوردەکان بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات ئەم ئاینەیان دامەزراندوە. بناغەی ئەم ئاینە کە (میترا)یە.
1- پەرستنی هەموو دیاردە سروشتیەکان.
2- پیاوەکانی ئەم ئایینە جاد و سحرباز بوون.
3- تەنها ڕۆحانیەکانی ئەم ئایینە پاکن.
وە ئاینی (شوشەنگ) لە هەموو جیهاندا بڵاو بۆتەوە بە تایبەت لە ناوەندی ئەوروپا لە ساڵی 107ی ز وە دەستی پێ کردوە، باکوری باڵکان و ئیتالیا و ئیمپراتۆریەتی ڕۆم ئایینی (شوشەنگ یان میترایان) هەبووە. ئەمەش بریتی بوو لە ئایینی سەرەکی کورد پێش هاتنی زەردەشت.

## هاتنی زەردەشت

## زەردەشت کێیە؟

زەردەشت لە ڕاستیدا بە چەند ناوێك لێکدراوەتەوە بە ووشتری زەرد یان ئەستێرەی زێڕین یان پیر وەیان دەسەڵاتی زێڕین،خاوەنی ووشتر یان گەشەوە
باسیان لێوە کردوە.
مێژوو نوسان وا دەگێڕنەوە کە زەردەشت کوڕی پیاوێکی جوتیار بووەلە ڕەگەز و ڕەچەڵکدا ئاری بووەناوی لە بنەڕەتدا (زرواستر)ە یان (زراتشتر)ە
واتا خاوەنی ووشتری زەردیان ووشتری کۆنیان پیر دێت.
لە ڕاستیدا مێژووی لە دایك بوونی زەردەشت زۆر ڕوون نیە..بەڵام مێژوو نوسان دەیگەرێنەوە بۆ(660)پ.ز لە ئازربایجان لە دایك بووە بنەماڵەکەی (ئەسپیاما)یە کەلە ڕەچەڵەکدا هەموو ئارین،باوکی زەردەشت ناوی(پورشاسپا)ی ئازەربایجانی ناوزەنگ کراوە دایکی زەردەشت ناوی (دغدو یان دگدو)بووە خەڵکی (ڕەمی)ئازەربایجانە خێزانی سێیەمی زەردەشت ناوی (هۆی وی ) بووە کە کچی پاشایی ناوداری فارسەکان(فریشا ئوشتر)ی
برای (جاماسب )بووە.
زەردەشت لە تەمەنی پازدە ساڵی دا دەستی بە خوێندن کردوە لای مامۆستایەك کە ناوی (کوشتی )بووە سەیر لە وەدایە کە ئەم ناوە بە کار هاتوە بۆ مەراسیمی پشتوێن بەستن لە ئاینی زەردەشتی دا،تا تەمەنی بیست ساڵی بەردەوام بووە لە خوێندن لە دوایدا زەردەشت دایك و باوك و خێزانەکەی بە جێ هێشتوە و گەڕاوە بە جیهاندا یان دەڵێن کەسێکی گۆشە گیر بووە

لە چیاكان وئەشكەوتەكاندا.

www.regayrasty.com

لە تەمەنی سی ساڵیدا خۆی بە پەیامبەر ناساندوە بانگ هشتی بۆ پەیام بەرێتی و ئاینە كەی كردوە.
مێژوو نووسان دەڵێن لە كەناری دەریای (دیتا) لە نزیك نیشتیمانەكەی خۆی لە ئازربایجان لەلایەن فریشتە یەكەوە كراوە بە پەیامبەر وە ئەو فریشتە ناوی (هومنە یان بەهمەن)ە واتا لە زمانی پارسی كۆندا بە مانای بیری چاكە هاتووە.
لەدوای هەشت ساڵ پەیامبەرایەتی لەگەڵ شەش فریشتە ناسراوەكەی (ئەمشاسپندان ) ووتوێژی كردوە.
لە دوای 10ساڵی تری پەیامبەرایەتی مێژوونوسان دەڵێن خەڵكی زۆر ئازاریان داوە تەنها یەك كەس باوەڕی پێ دێنێت ئەویش نزیكی خۆی بووە یان دەڵێن ئامۆزای خۆی بووە كە ناوی(مینیدی نیمون ها ) بووە.
لە پاشان دا سەری خۆی هەڵدەگرێ و ڕوودەكاتە ئەوروپای ئێستا لە ناو یۆنان و ڕۆمەكاندا دەست بە بڵاو كردنەوەی ئایینەكەی خۆی دەكات. زەردەشت لە ناو یۆنانیەكاندا بە (زۆرۆئاسترس) ناسراوە، وە لە ناو ڕۆمەكانیشدا بە هەمان شێوە پێیان وتوە(زۆرۆ ئاستر).
كارناسی فەرەنسی ئاوێستای (جێمس دار مێستەر) دەڵێت لە دوای بەجێ هێشتنی زەردەشت لە ناوچەكەدا توانی ڕۆمەكان و یۆنانیەكان ڕێك بخات وە كۆكیان بكات لە سەر خوایەك كە لە زەردەشت دایان تاشی ناویان نا(هوم) كە لە شێوەی مرۆڤ دا بوو.
(كرن) مێژوونوسی فەرەنسی دەڵێت زەردەشت پەیامبەر نەبوو بەڵكو ڕۆشنبیرێكی ڕووناك پەرست بوو لە گەڕانەوەیدا بۆ خۆرهەڵات ناونرا بە خوای خۆر.
ئەفلاتون لە 429تا 347ی پ.ز بە ڕاشكاوانە باسی زەردە شتی كردوە ئەو بە فەیلەسوفێكی پارس و هندەكانی دەزانێت وە بە دامەزرێنەری ئایینی (مەزد یەسنا) ی زانیوە كە تا ئێستاش لە هندستان و ئێراندا ئەو ئایینە ماوە.
مێژوونوسی سەدەی سێیەمی زایین (بڕۆسوس) زەردەشت بە پاشایەكی خوازراوی پارس و ماددەكان دەزانێت.
وە مێژوونوسە بەناوبانگەكانی جیهان هەموو لە سەر ئەوە كۆكن كە زەردەشت خەڵكی ئازەربایجانە وە مێژوونوسەكانیش بریتین لە( براتلمە، مولون، سیستان، گلدزهیر، جاكسون وە پیریتیا)، بەڵام ڕایەكی كە هەیە كە دەڵێن زەردەشت خەڵكی شاری (ڕەێ) واتا تارانی ئێستا بە زمانی ئاوێستای باسی كردوە بە شاری تارانیان ووتوە (وغ) وە بە زمانی پەهلەوی پێی دەڵێن(ڕكا) كە گوایە زەردەشت لە وێ لە دایك بووە.
ئەو مێژوونوسانەش بریتین لە ( ئەفلاتون، دیۆجین لەگەڵ هرموودرس) كە قوتابی ئەفلاتون بووە، وە هەر ئەوانیش ووشەی زەردەشتیان لێك داوەتەوە بە مانای ئەستێرەی زێڕین یان نیاز پاك وە یان بە زەوی كێڵەرێكی باش لێكیان داوەتەوە.
لە نەو مێژوونوساندا تەنها مێژوونوسی ئەڵمانی كە ناوی ( دۆمارێنی)یە دەڵێت زەردەشت خەڵكی( باڵخ)ی ڕۆژهەڵاتی ئێرانە یان (ئورومیە) وە زەردەووشتیشی بە مانای سوتان و گەشاوە ناوزەنگ كردوە.

بە هەر جۆریك بێت دەگەڕێمەوە سەر باسەکە تەنها ویستم سەرنجی خوێنەر ڕابکێشم بۆ باس کردنی جێگە و ڕێگای زەردەشت.
لە پاش گەڕانەوەی بۆ ناو مەڵبەند و زێدی باوو باپیرانی وە پێشتر ئاماژەمان بۆ کردبوو لە هەرێمی خۆرهەڵاتی ئێران گەیشتە بارەگای پاشای ئەو هەرێمە
کە پاشای پارسەکان بوو ناوی ( ویشتاسب) بوو زەردەشت بەهۆی زیرەکی و لێوەشاوەی خۆی توانی لە دەسەڵاتی ئەو پاشایەدا جێگای خۆی بکاتەوە تا دوو ساڵ بە نهێنی کاری کرد تا ئەو پاشایە بهێنێتە سەر بیر وبۆچون و ئایینەکەی خۆی، بەڵام دەسەڵات داران و فەرمانڕەوایان وە پیاوانی ئایینی ئەو دەقەرە زۆر دژایەتی زەردەشتیان دەکرد، بەڵام لە دوای ئەوەی کە زەردەشت کچەکەی خۆی دا بە ( ویشتاسب) کە بە تەمەن 48ساڵ لە کچەکەی زەردەشت گەورەتر بوو کچەکەی ناوی ( یوروچیست) بوو. لە پاشاندا تەواوی هێزو دەسەڵاتی خۆی خستە ژێر دەستی زەردەشتەوە تا ئایینەکەی بڵاو بکاتەوەو وە خۆشی بڕوای پێ هێناو ئایینی زەردەشتی بووە ئایینی ڕەسمی ئێران وە بۆ بڵاو کردنەوەی ئەم ئایینیە کەوتنە جەنگ و کۆشش کردن لە ماوەی 20 ساڵدا خەریکی بانگەواز و داگیر کردنی وولاتانی چواردەوریان بوون کە زەردەشت تەمەنی گەیشتە 77 ساڵ لە جەنگێکدا بەرانبەر بە تورانیەکان و ماددەکان کە لە ڕاستیدا سەرکەوتن بەسەریاندا پارسەکان توانیان ماددەکان و تورانیەکان تێك و پێك بشکێنن وە زەردەشتیش لە تەمەنی 77 ساڵیدا کە یەکێك بوو لە سەرکردەی ئەو لەشکرانە بە دەستی تورانیەکان کوژرا.

## پەرتوکی ئاوێستا

ووشەی ئاوێستا لە بنەڕەتدا واتاکەی بە بێخ دێت یان ئەسڵ وە یان پەنا یان دۆستایەتی هاتوە.
کتێبی ئاوێستا پەرتوکی ئایینی زەردەشتە کە هیچ گومانێکی تێدا نییە کە ئەم پەرتوکە هیچ سەرچاوەیەکی نەماوە، بەڵگەشم بۆ ئەمە، مێژوونوسان دەڵێن لە سەردەمی خۆیدا لە تەختی جەمشیدا لەو ئاتەشگایە هەڵگیراوە لە سەر پێستی گیانلەبەران نوسرابووەوە کە کاتێک ئەسکەندەر لە 331ی پ.ز دا کە هەخامەنشینەکان، بابلیەکان و پارسیەکانی گرت ئەو ئاتەشگایەی سوتاند و ئاوێستاکەی لە ناو برد، وە ئەو ئاوێستایانەی تریش کە لە ئاتەشگاکانی تردا مابونەوە وەك ئاتەشگاکانی هندستان، ئازەربایجان یۆنانیەکان دزیان بۆ خۆیان مێژوونوسەکان دەڵین زۆربەی زۆری فەلەك ناسەکانی یۆنانی لە کتێبی ئاوێستاوە فێری فەلەك ناسی بوون. دەڵێن ئاوێستا سەرچاوەیەکی باش بوە بۆ گەردوون ناسی.
پاشان لە سەردەمی (ئەردەشیر) پاشای ئەشکانیەکان کە لە دوای نەمانی دەسەڵاتی ئەسکەندەرەوە وویستی سەر لە نوێ ئاوێستا کۆ بکاتەوە فەرمانی دا بە ڕۆحانی و موغەکان کە دەست بکەن بە کۆکردنەوەی ئاوێستا وە ئەمەش موغەکان و ڕۆحانیەکانی هاندا کە خۆیان بکەن بە زەردەشت وە ئەوان سەر لە نوێ دارشتنەوەی ئاوێستا بکەنەوە.!!
مێژوونوسی کورد مەردۆخی دەڵێت ئەوەش بوە هۆی ئەوەی کە چەند زەردەشتێك دروست ببێت تا بە ئارەزووی خۆیان چەند ئاوێستایەك بنوسنەوە.!!
لە دەوڵەتی ساسانیەکاندا زۆر برەویان دا بە ئایینی زەردە شتیەت کە سێکی ڕۆشنبیر کە بە ڕەچەڵەك کورد بوو بۆ وەرگرتنی دەسەڵات لە ساسانیەکان وە دەسەڵاتی کوردی بێنێتەوە کایە ووتی من زەردەشتم ئاوێستایەکی نوسراوەی جوانی بەدەستی خۆی خستە بەردەست ساسانیەکان

وە خۆشی کردە گەورەی موغەکان و ڕۆحانیەکان وە زەردەشتیەتی کردە یاساو ئایینی کیشوەری ساسانی.
ئەمە سەری نەگرت وە پاشان لە سەردەمی (شاپور)دا گەڕانێکی زۆریان کرد لە یۆنان و هند ستان و ئاتەشگاکانی تری زەردەشتی دا تا بەم شێوەیە کۆیان کردوە کە لە ڕاستیدا ئاوێستا نەبوو،بەڵکو تەنها قسەو باس بوو لە زەردەشت.
ئاوێستایان دروست کرد لە 31 نسك یان بەش تا سەردەمی ئاینی ئیسلام.
کە ئاینی ئیسلام هات ئاوێستا کاریگەری ئیسلامی لە سەر بوو یان یاسایی (فیتودت) بەکار دەهێنرا کە کوڕ دەیتوانی دایك وە باوك کچی خۆی مارە بکات وە خۆشك و برا لەیەك مارە بکرێن لە سەر ئەو بنمایەی کە ڕەچەڵەك وون نەبێت.

ئەو چوار بەشەی ئاوێستا کە هیچ شەرع و یاسایەکی تێدا نەماوە بەڵکو تەنها چیرۆکی بەر ئاگردانن بریتین لە مانەی خوارەوە:

1- دینکرد
2- نەتەر
3- ویستاگ
4- یەزدەك

هەروەها لە ناو ئەو چواربەشەی ئاوێستادا پێنج بنەمایی سەرەکی هەیە بۆ بەندایەتی:

1- یەسنا: واتا نزاو پاڕانەوە کە لە بەرانبەر ئاگردا دەخوێنرێت.

2- ویس پزد: واتا بەندایەتی بۆ ئاهورا مەزدا ئەمە تەواوکەری یەسنایە.
3- وەندیدان: ئەمەیان دەستوری ئیش وکارو سەرکەوتنە بەسەر دێوو درنجەکاندا.!!
4- پشت یان سروود وەیان گاتە: ئەمە بۆ ئەو شەش فریشتەیە دەخوێنرێت کە زەردەشت گفتوگۆی لەگەڵ کردون.!!
5- خوردە ئاوێستا: واتا ئەو نوێژانەی لە بۆنەو جەژنەکاندا دەخوێنرێت.
بە کورتی ئەمە باسێکی ئاوێستا بوو.

## باوەڕی زەردەشتی

لە ئایینی زەردەشتیدا ئاهورا مەزدا بە خوای چاکە ناوزەنگ کراوە، وە ئەهریمەن بە خوای خراپە دانراوە.
هەمیشە ئەم دوو دەسەڵاتە کە لە ناو زەردەشتیەتدا بە خوا ناسراون لە کێشمەو وەرگرتنی دەسەڵاتدان بۆ وەرگرتنی دەسەڵات لە دەست یەکتری.
ئەوەی کە جێگای سەرنجە ئەم دوو خوایە لە خوایەکی کەوە سەرچاوەیان گرتوە کە ناوی ( زەروان) کە گوایە زەروان لەمەولاوە دەسەڵاتی خۆی بەخشیوەتە دەست ئاهورامەزدا بۆ چاکە، بەڵام ئەهریمەن ئەمەی پێ ڕەوا نییە بۆیە کەوتۆتە گیانی شوێن کەوتوانی ئاهورامەزدا.
ئەگەر باوەڕێك لە سەر ئەم شێوەیە دابمەزرێت خواکان لە دەسەڵات لە یەکتری سەندنەوەدا بن ئەو کات ژیان بەرەو لە ناو چون و مرۆڤەکانیش بەرەو فەتارەت دەچن کەواتە ئەم ئایینەی کە

ئێستا بانگەوازی بۆ دەکەن هەڵخڵەتاندنی گەلی کوردی موسڵمانە وبیرێکی پوکاوەی سەردەمی ساسانیەکانە کە ئێستا ئەیانەوێت بە ناوی هێنانەوە کایەی دەوڵەتی کوردی کە گوایە وەك زەردەشت بانگەوازی بۆ دروست بوونی دەوڵەتێکی کوردی کردبێت وا ئێستا دەیانەوێت بە بیری زەردەشتی دەوڵەتی کوردی دابمەزرێنن کە تەنانەت بنەمایەکی یاسای لە ناو ئەو ئاییندا نەماوە یان بە سرودی ئەیرەقیب کە شانازی بە کەیخوسرەوە دەکەن وە خۆیان بە نەوەی ئەو دەزانن کە لە کاتێکدا دەوڵەتی مادد بەدەستی ئەو لە ناو چوە.
گەلی کوردی موسڵمان هەمیشە شانازی کردوە بە ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە لە بەر ئەوەی ئەوەندەی ئێمە سودمان لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام بینیوە ئەوەندە سودمان لە هیچ بیرو باوەڕێکی کە نەدیوە بە تایبەت نازانین ئێستای  بیری زەردەشتی وە لە پێشینەشدا چ خزمەتێکی بە میللەتەکەی من کردوە تا ئەو بیرو باوەڕە جێگەی سەرنجی من بێت تەنها ئێستا وەك قسەی زل یان ڕەق یان قسەی نەزۆك یان زۆڵەك دەیدەن بە گوێی میللەتەکەمدا کە تەنها دەیانەوێت داماڵینی ئەو کولتورە موسڵمانیەی گەلی کورد دابماڵن.
(مەودودی ) دەڵێت ئێمە ناتوانین هیچ شتێك بە زەردەشت بڵێین وەك موسڵمان لەبەر ئەوەی ئەگەر پەیامبەر بوبێت ئەوە پەیامی پەیامبەرێتی تەواو بووە کۆتای پێ هاتوە خۆ ئەگەر فەیلەسوفێکیش بوبێت وەك زۆربەی فەیلەسوفەکانی تر ئێمە سودی لێوەردەگرین.
بەڵام ئێستا دەیانەوێت بڵێن کە غەدرمان لێکراوە ئیسلام ماڵی ئێمەی کاول کردوە، بەڵام نازانن کە سودەکانی ئیسلام چەندە زۆرە بۆ کورد فەرموو با بەیەکەوە پیاسەیەك بکەین بە ناو باخێك لە باخەکانی سودەکانی ئیسلام بۆ گەلی کوردی موسڵمان.

## سودەکانی ئاینی ئیسلام بۆ گەلی کورد

سەرەتا هەرچەندە جێگای سەرنجی خۆم بوو باسێکی لەو شێوە بکەم هەرچەندە هەموو بەرنامەو ئاینەکانی سەر زەوی باس لە چاکە و باشی بۆ مرۆڤایەتی دەکەن ئەو کات دەکەوێتە سەر مرۆڤەکان کە چۆن بەرنامەکە بەکار بهێنن، بەڵام ئاینی ئیسلام زۆر بە بوێرانەوە دەڵێم کوردی قەرزار بار کردوە ئەوەندەی چاکە هەیە بەسەر کوردەوە، یەکەم وەك بەرنامەی ئیسلام کە قورئانی پیرۆزە، دووەم وەك ئەو مرۆڤانەی کە ئیسلام پەروەردەی کردون وە ئێمەش ئاینی پیرۆزی ئیسلامان لە سەر دەستی ئەوانەوە وەرگرتوە.
هەندێك لەو سودانە باس دەکەین :

1- ڕزگار کردنی نیشتمانی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی ئێرانی ساسانی و ئیمپراتۆریەتی ڕۆمی و بێزەنتی کە ئێمەی گەلی کورد خاکمان لە نێوان ئەو دوو دەسەڵاتەدا دابەش کرا بوو پیاوانمان بۆ جەنگ بەکار دەهاتن و ئافرەتانیشمان بۆ خزمەتی ئاتەشگەکانی ئێران و کارەکەری ڕۆمەکان، بەسە بۆ کورد کە شانازی بەوەوە بکات کە خاك و ئاوی خۆی وەرگرتەوە لە ژێر سایەی ئاڵای ئیسلامدا.

2- پاككردنەوەی ئاتەشگەی فارسەكان بە دەستی كوردەكان خۆیان كە كاتێك هێزی ئیسلام هاتە ناو خاكی كوردستان كوردەكان ئەوەندە ڕق ئەستور بوون بە ئاتەشگەكانی زەردەشتی هەر هەموویان ڕوخاندو لە ناویان بردن چونكە بوبون بە مشەخۆر بەسەر گەلی كوردەوە وە سەروەت و سامانی خەڵكیان بە هەدەر دەبرد.

www.regayrasty.com

3- هاتنی ئاینی ئیسلام بۆ ناوچەكە ئەو چاكەیەی لەگەڵ میللەتی كورد دا كرد كە مەحرەمی دروست كرد لە ناوچەكەدا لە یاسای شەریعەتی زەردەشتیدا بە ناوی یاسای (فیتودت) كە دایك لە كوڕی خۆی مارە دەكرا وە كچ لە باوك وە خوشك لە برا (كامبوزیا) كە كەسایەتیەكی ئایینی بوو خوشكەكەی خۆی هێناو پاشآن كوشتی (هەرۆدۆت) لە 484 تا 489 ی پ.ز باسی كردوە، (ئەردەشیری دووەم) كچەكەی خۆی مارە كرد كە مێژوونوسی یۆنانی (كتیزیاس) پێنج ساڵ پێش زایین ژیاوەو ئەم مێژووەی نوسیوەتەوە پاشان ( قوباد) كچەكەی خۆی مارە كرد، مێژوونوس (ئاگاتیاس) باسی لێوە كردوە ( ئەنەوشیرەوان) ئەویش كچەكەی خۆی مارە كردوە پرۆفیسۆر (ڕالینوم) باسی كردوە كە وەرگێری مێژوی (هۆرۆدۆت)ە بۆ زمانی ئینگلیزی زۆری تریش هەن كە كەسایەتی ئایینی بوون و ئەو یاسایەیان بەكار هێناوە كە گوایە ئێستا زەردەشتیەكان دەڵێن ئەمە لە ناو ئایینی زەردەشتیدا باو نەبوە بەڵكو لە ناو ئاریەكاندا باو بووە خۆ ئەگەر واش بێت زەردەشت پەیامبەری ئاریەكانیش بووە.!
ئایینی ئیسلام ئەو چاكەیەی هەبوە بۆ گەلی كورد كە ئەو یاسایەی نەهێشت.

4- ئایینی پیرۆزی ئیسلام كاتێك كە كوردی ئازاد كرد لە ژێر ئەو دەسەڵاتە ڕەشانەدا چاكەیەكی تری خستە سەرشانی كورد یاسایەكی تری ئاوێستای و زەردەشتی تریشی نەهێشت كە بریتی بوو لە ( ڕەدوو) یان (هەڵگرتن) كە لە ناو كۆمەڵگای كوردەواریدا وای لێهاتبوو كچەكان و ژنەكان لە ماڵەكاندا زیندانی دەكران نەكو پیاوێك ئایینی زەردەشتی وە یان موغێك یان ئەتروبانێك وە یان ڕۆحانیەك ڕەدوی كات و ئیتر كە دووری خستەوە لە جێگای خۆی ئەوكات ئەو دەبێتە خاوەنی ئەو ئافرەتە هەرچەندە بە داخەوە ئێستاش لە هەندێ ناوچەی كوردستاندا ئەو مەراسیمە ماوە بەڵام گۆڕانكاریەكی تەواوی بەسەردا هاتوە گوایە ئێستا ئەگەر دوو كەس یەكتریان بە دڵ بێت هەڵی دەگریت و دەیبات بەڵام بۆ دەیبات بۆ لە خۆی مارە ناكات خێرا.

5- ئاینی ئیسلام چاكەیەكی كەی بەسەر میللەتی ئێمەوە ئەوەیە كە پێش هاتنی ئەو ئایینە ئافرەتانی كورد وە یان ئافرەتانی ناوچەكە بە گشتی توانای موڵك داریێتیان نەبوو ئەمەش یاساو ڕێسایەكی زەردەشتی بوو كە ئافرەت نەیدەتوانی ببێتە خاوەنی هیچ شتێك تەنانەت لە ماڵەكەی خۆشیدا بە بێ پرسی مێردەكەی نەدەبوو دەست كاری هیچ شتێك بكات، بەڵام ئیسلام موڵك داری بەخشی بە ئافرەتی كورد وە بە ئافرەتانی ناوچەكە بە گشتی چەند پیاو خاوەنی موڵك بێت ئافرەتیش ئەوەندە بۆی هەیە.

6- سودەكانی ئیسلام ئەوە بوو كە گۆڕینەوەی ژنی كۆتایی پێ هێنا لە ناو ئایینی زەردەشتیدا پێش وەخت لە دەسەڵاتی ساسانیەكاندا ژن گۆڕینەوە باو بووە .

7- ڕزگار بوونی لاوانی کورد بە کچان و کوڕانیە وە لە دەست بە قوربانی بوون، چونکە ئەگەر ئاتەشگەیاکی تازەی زەردەشتی بکرایەتەوە دەبوو کچێك بکرایەتە قوربانی و پێش کەشێ ئاتەشگەکە بکرایە خۆ ئەگەر کچێك دەست نەکەوتایە ئەوا کوڕێکی نابالغ یان دەکردە قوربانی کە (ئولاڤ ئوشیم) لە کتێبی مێژووی گەیشتن بە دەسەڵاتی خۆیدا باسی کردوە.

8- ئاینی ئیسلام کە هاتە ناوچەکە بە هەزاران فەیلەسوف و شاعیر و چیرۆك نوس و مێژوو نوسی دروست کرد بەڵام کام بەرنامەی تازەو کۆنی ئێوەی زەردەشتی بە کۆن و تازەتانەوە پیاوانی وەك{ ابن سەلاح شارەزور،ابن خەلەکان،مەحوی،مەولەوی،مەلا خدری نالی ،ئەسیری،شێخ مەحەمەدی خاڵ،علادین سوجادی،مەردوخی،امین زەکی بەگ،شەرفخان،بەدرخان،کەکەحەمەی بێلو،موفتی}وە هەزارانی تر، لە ئافرەتان{سەکینە خانی خوشکی مەلیك موضفری هەولێری ،عالیە خانی کچی شێخ وەهبی خۆشناوی،روقییەخانی باتمانی }وە سەدانی تر کە لا دوای ئەم بابەتە بابەتەکی ترم بەدەستە وەیە بۆ باسی ئەو کەسایەتیانەی کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام دروستی کردون،بەڵام زەردەشتیەکان ناوی چوار کەسیەتی خۆیان مان پێ بڵێن کە خزمەتیان بەم نیشتیمانەمان کرد بێت؟

9- ئاینی ئیسلام کە هاتە ناوچەکە بە هەزارەها کەڵە پیاوی شۆڕش گێڕی دروست کرد کە لەژێر ئاڵای ئیسلامدا جەنگاون و لە حوجرەو مزگەوتەکانەوە دروست بوون گیانی خۆیان فیدا کردوە لە پێناوی خاکو نیشتیماندا،بەڵام ئێوەی زەردەشتی لە ئاتەشگاکانی خۆتان کێتان دروست کرد تا بجەنگێت بۆ ئەم کوردستانە کلۆلە تا سنگتانی پێ دەرپەڕێنن بەڵام نمونەی ئەوانەی کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام دروستی کردوون وەک دەریا شەپۆل دەدەن کە لە سەدەی دووەمی کۆچیەوە دروست بوون تا ئێستا.......

1- ئەبو موحەمەد (عبدللە) بن مسلم دینەوەری – مەشهور بە ( ابن قتیبە) قازی شاری دینەوەر بووە، لە ساڵی (233)ی کۆچی هاتۆتە دنیاوە و ساڵی (276)ی کۆچی دنیای بەجێهشتوە.
زانایەکی بەرزو شۆرشگێڕ بووە خاوەنی گەلێ نوسراوی بە کەڵکە کە نزیکەی بیست پەرتوکە.

2- ئەبو حەنیفەی دینەوەری – زانایەکی بە هۆش و سەرکردەیەکی ناوداری سەردەمی خۆی بووە، لە ساڵی (281)ی کۆچی لە دنیا دەرچوە.

3- ئەبو عبدللە محمد بن چار منجم حیرانی بن سنان ڕەقی- خاوەنی نوسراوی (زیج حایی مطالع البروج، رسالە التصالات) شیکردنەوەی چوار نوسراوی – بەتلیموس-و هتد.
زانایەکی ئەستێرە ناس و ماتماتیك و زانست زان بووەلە سەرتاسەری ئەوروپادا ناوبانگی زانایی هەیە، ساڵی (264)ی کۆچی هاتۆتە دنیاوە و (317)ی کۆچی جێ هشتوە.

4- ئەبو جعفر (احمد)دینەوەری کوڕی ئبن قتیبە بووە پیاوێکی زانا یاسا ناس بوو ساڵی (321)ی کۆچی بۆتە قازی میسر ساڵی (322)ی کۆچی لە دنیا دەرچوە.

5- ئەبەبکر محمد نەقاش مۆسڵی- کوڕی حەسن کوڕی محمەد کوڕی زیاد کوڕی هارون جعفری کوڕی سەندیە، جگە لە نەخشو نیگار زانیاریەکی باشی لە سەر یاساکانی تێگەیشتنی ئیسلام

هەبووە لە ساڵی (265)ی کۆچی لەدایك بووەساڵی (351)ی کۆچی لە سێی شەوال دا لە دنیا دەر دەچێت خاوەنی گەلێک نوسراوی بە سود و گرنگە بەڵام لە گێڕانەوەی هەندێ فەرمودەی پێغمبەر (علیە سلام) هەڵەی کردوە و بە ڕاست نازانرێت.

6- سرِی ڕەفا موسڵی ئەبو حەسەن کوڕی سرِی کەندی یەکێکە لە ئەدیبە ناودارەکانی موسڵ هۆنەرێکی زیرەك و سەرکردەیەکی بە توانا بووە.
خاوەنی پەرتوکی (محب و محبوب)و(یرە) لە ساڵی (366)دا لە دونیا دەرچوە

www.regayrasty.com

7- شێخ عبدللە ڕووباری- یەکێك بووە لە گەورە پیاوانی تەریقەت ناسراوی ناوچەو دەورو بەری خۆی بووە ساڵی (369)ی کۆچی لە دنیا دەرچوە.

8- ئیبن جەنی نحوی موسڵی – ناوی عثمانەو نازناوی ابو فتح ە لە زانیاری عەرەبی و ئەدبیاتی عەرەب دا دەستێکی باڵای هەبووە پیاوێکی سەربازی بووە پێش ساڵی (330)ی کۆچی لە دایك بووە لە (28) سەفری ساڵی (392)ی کۆچی لە دنیا دەرچوە خاوەنی زیاتر لە (25) نوسراوی بە کەڵکە

9- ئیبن کەجی دینەوری – قازی یوسفی کوڕی ئەحمەد کوڕی کەج بەیەکێک لە پێشەویانی (شافعی) دەژمێرێت خاوەنی فتوای تایبەتیە لە مذهبی شافعی دا جگە لە زانیاری ئاینی خاوەنی گەلێك پرتوکی بەکەڵکە پیاوەکی دەوڵەمەندو خاوەن دەسڵات بووە دەڵێن خاوەنی میر نشینی خۆی بووە.
شەوی 27 ڕەمەزانی ساڵی (405)ێ کۆچی چەند دزێك شەو لە خەودا دەیکوژن و زۆربەی سەروەتەکی دەدزن.

10- شێخ ئەبو حەسەن هەکاری – شێخ ئیسلام علی کوڕی ئەحمەد کوڕی یوسف کوڕی جعفر کوڕی ئورفە ساڵی (409)ی کۆچی لە دایك بووەپیاوێکی زاناو دین دار بووە کوڕەکانیشی ئەدیب و سوار چاکی سەردەمی خۆیان بوون ساڵی (486)ی کۆچی کۆچی دوایی کردوە.

11- ئەبو ئەحمەد شارەزوری –قاسم کوڕی موزەفر کوڕی علی کوڕی قاسم-ئەم پیاوە بە بابە گەورەی هەموو قازیەکانی شارەزورو موسڵ و شام جەزیرە دەناسرێت کوڕەکانی هەموویان پیاوی ئاین و ئەدیب و مامۆستا بوون .
ساڵی (498)ی کۆچی کۆچی کردوە و لە شاری موسڵ نێژراوە

12- قازی ئەوبو حەسەن خەلعی موسڵی –علی کوری حەسەن کۆڕی حسێین کوڕی موحەمدی شافعیەساڵی (405)ی کۆچی لە دایك بووە لە مانگی ذولحجەی ساڵی (492) کۆچی لەدنیا دەرچوە .

13- جەریری شێخ ئەبو موحەمەد (قاسم)کوڕی علی کوڕی موحەمەد کوڕی عثمان سەرکردەیەکی قارەمان و خاونی نوسراوی بە کەڵکە کە زمخشری وەسفی ئەم پیاوەی کردوەساڵی (466)ی کۆچی لە شاری حەریری سەر بە پارێزگای هەولێر لە دایك بووەلە (516)ی کۆچی دا لە دونیا دەرچوە هەر لە هەولێر نێژراوە.

14-ئەبو کرەم شارەزوری پیاوێکی زاناو سەرکردەیەکی ئازا بووە لەساڵی (550)ی کۆچی لە دنیا دەرچوە

15- ئیبن بەرزی جزیری - لە جزیرەی ئیبن عومەر سەرکردەیەکی لەوەشاوە مامۆستایەکی میهرەبانو لە هەمان کات دا مفتی بووە ساڵی (471)ی کۆچی هاتۆتە دنیاوە لە مانگی ڕەبیع اولی ساڵی (560) لە جزیرەی بن عومەر نیژراوە.

16- مەلا خدری ئەربیلی خاوەنی گەلێک بەرهەمی بە سودە سەرکردەیەکی قارەمانی ناوچەی خۆشانەتی بووە 26 وتاری پێغمبەری (علیەسلام) کۆکردۆتەوە ساڵی (478) هاتۆتە دنیاوە ساڵی (567) لە قوتابخانەکەی خۆی لە شاری موسڵ نێژراوە.

17- قازی کەمالەدینی شارەزوری لە ساڵی (492)ی کۆچی هاتۆتە دنیاوە سەرکردەیەکی ئازاو زیرەك و قسە ڕەوان بووە خاوەنی زانیاریەکی چاك بووە لە هەندەسە... قۆتابخانەی لە (هەولێر،شارەزور،موسڵ، مەدینە،نەسیبین،دیمەشق) کردۆتەوە لە ساڵی (572)ی کۆچی کۆچی دوای کردوە.

18- ئەبو فەرج بن دەهان موسڵی لە شاری حمص لە شام بە دەرس ووتنەوە خریك بووە سەرکردەیەکی شورشگێری سەردەمی خۆی بووە گۆڕانکاریەکی باشی کردوە شاعیرێکی ناوداری سەردەمی خۆیەتی ساڵی (523) هاتۆتە دنیاوە لە(581)دا مردوە.

19-شەهابە دین سەهرەوەردی ساڵی (549)هاتۆتە دنیاوە خاوەنی گەلێ بەرهەمی بەسوود و نرخ دارە لە (فەلسەفە و اصولی فقە) هەموو زانستێکدا بەهەڵکەوتوی سەردەمی خۆی دەزانرێت هەرچەندە بە فیتی هەندێك چڵکاو خۆر لەلایەن سەلاحەدینەوە دەگیرێت زیندانی دەکرێت بەڵام لە ساڵی (587) کوچی دوای کرد.

لە راستیدا ئەگەر بەدوای کەڵە پیاوانی کوردە بگەرێین تەوا بوون مەحڵە بەڵام کۆتایی بە باقەیەك لە گۆلی ئەم سەدانەی دوایی دەهێنم ....

20-{شێخ عبێدوللەی نهری،شێخ سەعیدی پیران،سەعیدی نەورەسی ،قازی،مەلا مصطفای بەرزان،مامۆستا مەلا عوسمان}.....وە هەزارانو..هتد

هیوا خوازم زەردەشتێکان تەنها لا کۆن و نوێ دا دوو سەرکردەی وەك ئەم پیاوەنەمان پێ بناسێنن ؟!

10- دەست نیشان کردنی نەخشەی کوردستان کە ئینساکلۆپیدیای ئیسلامی دەست نیشانی کردوە وە گەورەترین سوودی بە میللەتی کورد گەیاندوە وە ئێستایش کە عیلمانیە داوای کەرکوك دەکەنەوە دیکۆمێنتی سەردەمی دەسلاتی ئیسلامی دەخنە ڕوو.!
ئەگەر دەسلاتی ئیسلامی مافی نەتەوەکانی نەدابێ چۆن مافی نەتەوە و تەنانەت جوگرافیایی نیشتمانەکانی جیا کردۆتەوە؟!
وە دائرەتولماعارفی ئیسلامی کە دیاری کردوە دەڵێت خاکی کوردستان دەکەوێتە خواروی ئەرمەنستان و بە درێژایی ڕووباری دیجلەو بە درێژایی چیاکانی زاگرۆس وەتا کەنداوی عومان ڕۆشتوە لە ڕۆژئاوایش بە درێژایی زنجیرە شاخی (تۆرسب) تا سوریا و شامات و کەناری دەریایی سپی بڵاوبۆتەوە، بەڵام کام دەسەڵاتی زەردەشتی وعیلمانیەت و نەخشەی کوردستان دیاری کردوە.

www.regayrasty.com

11- ئاینی ئیسلام سوودی بۆ کورد ئەوەیە کە یاسای بۆ دروست کردنی دەوڵەت داناوە، بەڵام لە ئاوێستای زەردەشتی دا بنەمایەك هەیە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی؟
تا وەك یەهودیەکان باس لە دروست بوونی دەوڵەتێکی ئیسرائیلی بکات تا ئێمەش دڵمان پێی خۆش بێت و باوەشی پیا بکەین یان ئاوێستا کۆمەڵێك قسەو باسە کە نوسەرەکانیشی کە نوسیویانەتەوە کۆمەڵێك هەڵەی مێژووی و تەنانەت ئەدەبیاتەکەشی هەڵەیەکی بێشوماری تێدایە کە باش پێوەی دیارە کە چۆن لە زمانی فارسیەوە وەرگێراوە کە باس لە ئاین دەکرێت ئاین بریتیە لە مەنهەج یان ڕێك خستنی کۆمەڵگا یان دامەزراندنی یاساو ڕێسا وەیان کۆمەڵێك فەرهەنگی تر......هتد.
بەڵام ئاینی پیرۆزی ئیسلام خاوەنی یاساو ڕێسایەکی تایبەتە بۆ دامەزراندنی دەوڵەت چەندەها نەتەوە توانیویەتی دەوڵەت دابمەزرێنێت لە سەر بنمایی یاسایی ئیسلام ،بەڵام کام ڕەگەزی ئاری توانی دەوڵەتێکی زەردەشتی دابمەزرێنێت.

12- پاداشتی ئاینی ئیسلام بۆ کورد کە هاتە ناو کۆمەڵگای کوردیەوە وازی بە کورد هێنا لە پەرستنی فرە خوای وە لە شتی ئەندێشەی، تا خوایەکی خاوەن دەسەڵات بناسن کە ئەویش خوای هەموو بوونە واتە فێری (یەکتاپەرستی) کردین.

13- ئیسلام کۆتای هێنا بە پیرۆزترین شتی زەردەشتی کە بریتی بوو لە میزی گا.

14- باشترین سود کە ئیسلام گەیاندویەتی بە میللەتی کورد ئەوە بوو کە کوردی فێری قارەمانی و بەخشینی گیانی خۆی کرد، ووشەی شەهیدی پێشکەشی فەرهەنگی کوردی کرد تا ووشەی شەهیدی ببێتە وێردی سەر زمانی میللەتی کورد وتا لە پێناوی ئاین و خاك و نیشتمان بجەنگن کە خواکەمان لەگەڵ پەیامبەری ئازیزدا (علیە سلام) پێیان ڕاگەیاندوین کە شەهیدان نامرن هەمیشە زیندون وە هەر خوایشە کە ڕۆزیمان دەدات.

له کۆتایدا زەرەشتیەکان بەوە ئیسلام تاوانبار دەکەن کە گوایە هەموو ئاتەشگەو پەرتوکە پیرۆزەکانیان لە سەردەمی دەسەڵاتی ئیسلامیدا لە ناو چوە ئەمە کە تەنها ووتەیەکی خەیاڵیەو لە ئەندێشە بەدەر نییە ئەگەر وایە بۆ تا ئێستا (یەزیدیەکان، کاکەیەکان، بەهایەکان) لەسەر ئاینی خۆیان ماونەتەوەو لە ناو کۆمەڵگای موسڵمانی کوردا دەژین هەمیشە ڕێزیشیان لێگیراوە خۆ ئەگەر سەیری دەسەڵاتی ئیسلامی بکەیت کاتێك کە هات هەرچی بت و پەیکەرەکان بوو شکاندی بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی کە پەیوەندی بە کولتور و ژیاری نەتەوەکانەوە هەبوو وەك خۆی مایەوە وەك پەیکەری ئەبوهۆلی میسر، هەیکەلەکەی سولەیمان،بابل ی عێراق،یەمەن و زۆری تریش ئەوەی کە پەیوەندی هەبوبێت بە ژیاری مرۆڤایەتیەوە.

من تەنها بەوەندە کۆتای پێ دەهێنم هیوادارم میللەتەکەم توشی شەلەلی فکری نەبێت بەهۆی ئەم ناووناتۆرانەی کە بە خۆتانەوە ناوە کە بانگەواز بۆ زەردەشتیەت دەکەن کۆمەڵگاکەمان توشی نەهامەتی و سەرلێشێوان دەکەن.

سەرچاوە:


1- مێژووی کوردو کوردستان........... محمد مەردۆخی کوردستانی
2- کوردو کوردستانی .......... امین زەکی بەگ
3- مێژووی ئاینی زەردەشت.......... عەبدوڵڵا موبلغی ئابادانی
4- تاریخ شناختن ادیان............ علی شریعتی
5- الفهرست........... ابن ندیم
6- البدایه و النهایه........ ابن کثیر
7- بە ئیسلام کردنی کورد .... فاضل قەرەداغی
8- تاریخ مختصر الادیان...... شالە



نوسینی ماکوان 16.07.2006



www.regayrasty.com